# گەڕانەوە بۆ گفتوگۆكانی سەرەتا

## ئەوەی پێی دەڵێن هونەری گەورەو پیرۆز جگە لە درۆو وڕێنە هیچی تر نیە!!

## ( ڤاسیلی سڤتلۆڤیدۆڤ )

كامەران سوبحان



یەكێك لە گرفتە سەرەكیەكانی كاری هونەریی ئێمە ئەوەیە بەردەوام قسەكانمان لە بۆشاییدان و ڕەنگە هیچ قورسایی و جێگەیەك نەگرێت، چونكە چەندین كێشە كە دەیانساڵ لەمەوبەر گفتوگۆمان لەسەركردوون ئێستاش بەهەمان ڕیتم لەسەریان ئەدوێینەوە و وەك مارو پەیژە دەگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆكانی سەرەتا، یەكێك لەوكێشانەشە بینەرە، كە سالانێكی زۆرە خۆمانی پێوە خەریك دەكەین و لە بوون و نەبونی دەكۆڵینەوە، هەروەك چۆن نێوەندی ڕۆشنبیریی دەیان ساڵە باس لە نەمانی خوێنەری جدی دەكات، ئاواش ئێمەی شانۆكاران دەیان ساڵە باس لە نەبونی بینەر دەكەین، هاوكێشەی (بینەر...خوێنەر)لەم دولایەنە فەرهەنگیەدا وەك یەك وایە...

هەموو ئەو قسانەی كەباس لەبونی تەكنەلۆژیا و لایەنە هونەرییەكانی تری ژیان دەكەن لەبەرامبەر كەمبونی خوێنەر، یان بینەر لە نوكتەیەك زیاتر هیچی ترنیە، ڕەنگە هیچ هۆكارێك لەم گەردونەدا نەتوانێت جێگەی كتێب یان نمایشێك بگرێتەوەو هەمان چێژی ئەو دولایەنەی هەبێت.

ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی كتێبخانەی كوردی هەندێ كتێب و هەندێ نووسەری پێناساندین كە جێگەی ئومێدی نووسەرانن، بەوەی تیراژی كتێبەكانیان لە ئاستێكی بەرزدایە، بەو هیوایەی ئەو نووسەرە جدیانەش وەك ئێمە توشی یەئس نەبن لە خوێنەرەكانیان بەوەی قۆناغێك بێتە پێشەوە بینەرەكانیان بۆ كارێكی ناجدی پشت بكەنە بەرهەمە جدیەكان.

گەر لەم لەچەند ساڵەی ڕابردوودا هیوایەك هەبوبێت كە نمایشێكی جدی لە مانگێك زیاتر نمایشبكرێت و زیاترلە دە هەزار بینەر ببینێت، ئەوا ئێستا ئەو هیوایەش ڕوو لەكزبوونە، بەوەی یەكێك لە جدیترین گروپە شانۆییەكانی ئەم شارە نمایشێكیان كرد هەندێ ڕۆژ بینەرەكانیان لە پەنجەكانی دەست تێنەدەپەڕی!! بەڵام قەشمەرخانەیك بەناوی كۆمیدیاوە شەوانە لە هەمان كاتدا نمایش دەكات و هۆڵەكە بەرناكەوێت و دەبێت ڕۆژێك پێشتر بلیت بكڕیت ئەوسا جێگەت بەردەكەوێت، ئەمە جارێكی تر بێ ئومێدمان دەكات لەو بەناو بینەرەی كە ساڵانێك لەمەوبەر ئێمە گفتوگۆمان لەبارەوە دەكردو خەونمان بەو ڕۆژەوە دەبینی كە هۆڵەكانمان بەبینەری هۆشیار پڕبێتەوە، گرەومان لەسەر هۆشیاری ئەوان دەكرد، ئەم هاوكێشەیەی نێوان نمایشێكی جدی ومەهزەلەیەكی قۆشمەباز ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ كە زۆربەی بینەرانی ئێمە توانای جیاكردنەوەی بەرهەمی باش وخراپیان نیە و هەرگیزیش ئەو بینەرە جێگەی ئەوەنیە كە ئێمە دڵمان پێی خۆشبێت، هەڵبەتە ( ڤاسیلی سڤتلۆڤیدۆڤ) ی چیخۆف چاك بینەری ناسیوە، كاتێك دوای نمایشێك دەڵێت (منی ئەكتەر كۆیلەیەكی گاڵتەگێڕو بوكەشوشەیەكم بۆ كات بەسەربردنی بینەران، ئەو كاتەی بینەرانم ناسی نەبڕوام بە چەپڵەو نەباوەڕم بە چەپكە گوڵەكانی ما، بینەران چەپڵەیان بۆ لێدەدام و وێنەیان دەكڕیم، بەڵام من كەسێكی پیس و بەدڕەوشت بووم لای ئەوان و تەنها بۆ ئارەزویەكی كاتی دەیانویست من بناسن، من باوەڕم بە بینەران نەما!!)